## گرفتەکانی مێژووناسی و مێژوونووسینی ڕوداوەکان

مەحمود چاوەش

مێژووناس بەوە پێناسە دەکرێت، کە ڕوداوەکانی مێژوو بە چاویلگەی زانستیانە دەهزرێنێت (دەنرخێنێت)، توێژئنەوە لەچوارچێوەی فاکت و بەڵگەنامە زانستییەکانی مێژوودا بەرپادەکات. فاکتە زانستیەکان دەکاتە بناغەی هەلسەنگاندنە مێژووییەکان، بە وردی و ویژدانی مرۆیی کار لە ڕووداوەکاندا دەکات، زیادە ناخاتە پاڵیان و کورت و بێچێژ و ئاوەژویان ناکاتەوە. ویژدانی مێژووناس لەوەدا پێناسە دەکرێت، سەنگی فاکتە زانستیەکانی و شیکار و گەرگومێنتەکانی بە بەڵگەنامەی زانستی و فاکتی مێژییی دەخاتە بەردەم خوێنەرانی، ئازار و ڕەنجکێشان و خۆشی سەرکەوتنەکان بە نۆرم و پێوانەی زانستیانە دەپێوێت. مێژووناس یان توێژەری مێژوو کەسێکی زانستکارە (زانکارە)، کە ئەکادیمیانە و تەنها لە چاوگ و ئەدەبیاتی زانستییەوە بەشوێن ڕووداوەکاندا یان فینۆمینەکاندا دەگەڕێت، بەچاوی ڕەخنەوە شیکاریان دەکات، ڕێگە بەخۆی نادات، سۆزەکیانە لەگەڵیاندا مامەڵە بکات، فاکتە مێژووییەکان لەگەڵ هەڵاتلێدان (ئیدیعاکردن)دا بەیەکتر دەچوێنێت، تاکو بڕیاری کۆتاییان لەسەر دەدات. مێژووناس مێژوو بۆ دەسەڵاتداران ناهۆنتەوە، ڕووداوەکان بە دەستپاکیەوە دەگوێزیتەوە، فاکتە مێژووییەکان لە خۆێنەر ناشارێتەوە، بە زانیاری لەخودهەڵێنجراو (ئاوەژووکراو) و فشەوفیشاڵ خوێنەر هەڵناخلەتێنێت. گەر پێویست بکات لێکچونە مێژووییەکان لە سەردەمی جیاوازدا بە نموونە دەهێنێتەوە، لێ یەکێک لە خەسڵەتەکانی مێژوو دووبارەبوونەوەی ڕووداوەکانێتی. مێژووناس/مێژووزان یان توێژیاری مێژوو سەرقاڵی ڕابردوو یان ڕووداوەکانی مێژووە.

بە پێوەری زانستی ئەمڕۆ ئەو مێژوونووسانەی، کە لەسەر مێژووی ئەنتیک، سەدەکانی ناوەند و مێژووی تازەش کاریانکردووە بە توێژیار و مێژووناس ناوزەد ناکرێن. بەم جۆرە کەسانە دەوترێت مێژوونووس یان دیرۆکنووس (Historiograf) ڕەنگە مێژوونووسە کۆنەکان لەم کاتیگۆرییەدا ناوزەدبکرێن. مێژووناس لە وشەی یۆنانی کۆن (Historiker) ەوە وەرگیراوە و بەمانای توێژەر/لێکۆڵەر (Erforschung) یان ناسینەوە (Erkennung) دێت. مێژووی توێژینەوەی زانستیانەی مێژوو بەشێکە لە زانستی مێژوو، لێ مێژووی نووسینەوەی مێژوو لە سەرتای ئەنتیکەوە بوونی هەبووە لەچوارچێوەی مێژوونووسیندا، بەڵام توێژینەوەی مێژوو بەشێوە سیستیماتیکەکەی لەسەدەی ١٩ بەدوواوە دەستپێکردووە. لە ڕەوتی (ڕێڕەوی) مێژووی نووسینی مێژوودا نووسەرانی جیاوازیش کاریان لەسەری کردووە و پەرەیان بەم بوارە داوە، بەڵام سەرتای مێتۆدی مامەڵەکردن لە پێداچونەوەی بابەتە مێژووییەکان بەوە پەیوەندیدارکراوە، کە داخۆ مێژووناسان بۆ توێژینەوەکانیان لەچ نووسینێکی پێش خۆیان سودیان وەرگرتووە. گەر بنەمای شیکاری ڕوداوەکان لەسەرچاوەی زانستییەوە

هەڵنەهێجرابن، مێژوونووسان بە شێوەی بابەتی (ئۆبیەکتیڤ) ڕوداوەکان ناخەنە بەر دەمی خوێنەرانیان.

مێژوونووس (دیارە مەبەست لە هەموو مێژوونووسێک نییە) بەوە پێناسە دەکرێت، ڕووداوەکان/ناسینەوەکان لەچوارچێوەی زانستیدا شیکار ناکات، بەڵکو ڕووداوەکان هەندێجار بەمەیل و ئارەزووەکانی خۆی دەهۆنێتەوە، زیادە دەخاتە پاڵیان، چاودێرییە مێژووییەکان لە چاویلگەکانی خۆیەوە دەبینێت، ڕوداوەکان بێبەرن لە فاکتی زانستی و ئەرگومێنتەکانی لە بنەما زانستییەکان. ڕەنگە گەلەک ڕووداوی مێژوویی و بەسەرهات و ئەنجامەکانیان لەلایەن مێژوونووسانەوە بەبێ شیکار و فاکتی زانستی نووسرابێتنەوە. مێژووی ڕووداوەکان هەندێجار لەدیدی دەسەڵاتدارانەوە هۆنراونەتەوە، مێژوونووسەکان هەندێجار ڕوداوەکانیان بە ئارەزو حەزەکانی ئەوان نووسیوەتەوە. چەواشەکاری ڕاستیەکان لای خوێنەرانی دەبنە فاکتێک بۆ ڕووداوە مێژووییەکان. مێژوو لێرەدا دەبێتە فیداکەری چەند پێنووسێکی بێویژدان. لەڕاستیدا هەمووکەسێک دەتوانێت ببێتە مێژوونووس، لێ مێژوونووسی پیشەیەک نیە، کە لەلایەن یاساوە پارێزراوبێت، هەرکەسێک سەرقاڵی مێژوونووسین بێت، یان کەسێکی ڕۆژنامەوان بێت، دەتوانێت خۆی بە مێژوونووس ناوزەدبکات، بەڵام کەسی مێژووناس دەبێت بە فاکتی زانستی ڕووداوەکان هەڵسەنگێنێت/معالەجەیان بکات.مێژوونووسانی کۆن خۆیان بە سەرهەڵدان و جوڵانەوە و چالاکیەکانی فیگەرە مێژووییەکانەوە سەرقاڵکردووە و لەسەریان نووسیون. مێژووی چەرخە کۆنەکان، مێژووی بابلیەکان، ئاشوری و میسری و فارسەکان، لە چاوگ و لەسەر بنەمای شیکاری زانستییەوە هەڵنەهینجراون، بەڵکو زۆرجار ڕوداوەکانیان بە شێوەی "حیکایەتخوازی" و بە سیستەمی دەماودەم لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر ڕاگواستۆتەوە. لێرەدا ڕاوەستەیەک دەکەین و دەپرسین: دەبێت لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا چ ناهەقییەک بەرامبەر بە خودی مێژوو و مێژووی ڕووداوەکان کرابێت. دەبێت چەند کەسی بێتاوان بەتاوانی هەڵچنراو و بەدەر لە فاکتی زانسیتی و ڕاستپەرستییەوە حوکم درابێتن. بۆ نموونە نووسینەوەی مێژووی ڕووداوەکانی هێرشی مەنغۆلەکان بۆ ناوچەکانی جیهان، یەکەم و دووهەم جەنگی جیهانی ، مێژووی قەتڵوعام (کۆمەڵکوژییە) کانی ئیسلامی و فتوحاتی ئیسلامی، ڕوداوەکانی جێنۆسایدی ئەرمەنیەکان لە جەنگی جیهانی یەکەمدا بێبەرنین لە هەڵگەڕانەوەی ڕاستیەکان و ئارەزوومەندانەی دەسەڵاتدارانی ئەو کاتە.

لەم نێوەدا ئاڕاستەی کۆمپلێکسێک دەبینەوە، کە لێرەدا بەکۆمپلێکسی مێژوو ناوزەدی دەکەین، کۆمپلێکسێکی ئاڵۆز و پرکێشەیە، ئاخر ئێمە چۆن لە ڕوودا و بەڵگەنامە و فاکتەکانی مێژوو تێبگەین، گەر ئەم مێژووە بەهەڵە و تەزویر و نازانستیەنە هۆنرابێتەوە، بە ئارەز و بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتداران و ئاییندارەکان و بەناو پیاوچاکانەوە نووسرابێتنەوە. چالاکوان و هەرزەکارە خوێنگەرمەکان چۆن لەم هەڕەمە مێژوویە تێبگەن و ئاگاداریان بن، گەر ڕاستیەکانیان لێ ئاوەژووکرابێت. دەسەڵاتدارانیان

لێکرابێت بە خواپیاوان و ئایندارانیان لێکرابێتە پیاوچاکان، هەژاریان لێکرابێتە سوڵتان و دەوڵەمەندان بە پاتریۆت. ئەمانە گیروگرفتەکانی ئەم کۆمپلێکسەیەی مێژوون.

پێش هەر باسێک لەم نێوەندەدا باشترە پێناسە ی ئەم دوو تێگەیە/مەفهومە بکەین. مێژووناس و مێژوونووس. مێژووناس بە لاتینیەکەی دەبێتە " Historiker, Geschichtswissenschaftler". ئەو ئامرازەکانی نووسینەوەی مێژوو و ڕوداوەکانی لەسەر بناغەی فاکت و شیکارە زانستییەکان بەرنامەڕێژ دەکات، دوورن لە بەرژەوەندی کەسی و ئارەزوومەندی و بەرژەوەندی دەسەڵاتداران. ڕوداوەکان بە مێژووی پێش خۆیان و سات و کاتی ترەوە گرێدەدەن. "کون و کەلەبەریان" تێدا نیە، فاکتەکان تەنها لە ڕوانگەی زانستییەوە شیکاردەکەن. بابەتگەران و بەویژدانی مرۆڤپەروەرانە کاریان تێدا دەکەن.

دەبێت ئەوەش بخرێتەڕو، کە لەهەمان کاتدا مەرج نییە مێژوونووسان هەموویان ناڕاستبێژییان لە ڕووداوەکاندا کردبێت و ئاوەژو و خودمەندانە دەسکاریانکردبێت، بەڵکو تەنها ئەوەیە کارەکانیان بێبەرن لە فاکت و بنەمای زانستی، چونکە هەندێک لە مێژوونووسان هەمیشە بەدوای بنەما زانستیەکاندا نەگەڕاون و نەیانکردۆتە مێتۆدی نووسینەکانیان.

لێرەدا گرنگە، کە چەند ڕووداوێکی مێژوویی بە نموونە بهێنینەوە، کە تاکو ئەم سەردەمەش بەشێوەی جیاواز لە ڕاستیەکانیان باسدەکرێت. دوو جەمسەری ناکۆک لەنوسەرانی، لێرەدا مەبەست مێژووناسان و مێژوونووسانی ڕووداوەکانە، ئەم مێژووە بە شێوەی جیاواز شیکار دەکەن، هەندێکیان مێژوونووسانی ڕووداوەکانن، کە لە بەرژەوەندی دەسەڵاتداراندا ڕووداوەکانیان هۆنیوەتەوە. دیارە بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری، بەرژەوەندی بازرگانی و دیپلۆماتی لە پشتی مەرامەکانیانەوەبوون. لەسەر هەمان ئەو ڕووداوانە کەسانی مێژووناسیش لەسەریان نووسیون، بەڵام بە بەڵگەنامە و توێژینەوە لەسەر بنەمای فاکتەکانی ئەو ڕووداوانە. یەکێک لە ڕوونترین ڕووداوەکانی دووسەدەی ڕابردوو گێنۆسایدی (ناسراو بە قەتڵ و عام یان کۆمەڵکوژی) ئەرمەنەکانە لەپێش تاکۆتایی یەکەم جەنگی جیهانی. مێژوونووسانی سەر بە ئیمپراتۆری عوسمانی و سوڵتان عەبدوولحەمیدی دووەم/۲ مێژووی ڕووداوەکانیان لە بەرژەوەندی سیاسی، ئابوری و دیپلۆماتی ئەو سەردەمە هۆنیوەتەوە. دیارە مێژوونووسانیش توێژینەوەیان لەسەر ڕووداوەکان کردووە و بە شوێن بنج و بناوانی، واتە ڕاستیەکان و هۆکاری ڕووداوەکاندا گەڕاون.

ئەگەر ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی زیمبۆلی دەسەڵات و هێز یان مێژووی (پاڵەوانەکانی) تۆمار کردبێت، ئەرکی مێژووناسان و توێژینەوەی مێژوو لەسەر ڕووداوەکان بێگومان ئەوە نییە، لایەنگری دەسەڵاتداران و حکومداران بکات، بەڵکو توێژینەوەیەکی زانستیانە و ڕەخنەگرانە دەبێتە ئەرکی ئەو کەسانەی مێژووی ڕوداوەکان تۆمار دەکەن. مێژووناسان دەبێت لە هۆکارەکانی (بزواندن و هاندەرەکان)ی، لە ڕەوت و شێوازی

سیاسی و ئابورییەکانی ڕووداوەکان بکۆڵنەوە ڕەخنەگرانە کاری تێدابکەن. ئەمەش دەمانگەیەنێتە تێمای (بابەتی) خێر و شەڕ. خاوەندەسەڵات لە هەر سێکتەرێکی کۆمەڵدا بێت، بەدەوڵەمەندەکانیشەوە، نابێت هێزەکانی/هێزەکانیان وەک دەسڵاتنواندن و بەکارهێنانی زەبروزەنگ بەرامبەر کەمینەکان بەکاربهێنێت، بەڵکو پێویستە لەڕێگەی ئاوەزمەندێتی (عەقڵەنییەت) و لۆگیکی بەخشندەییەوە ئاڵوگۆر و هاوسەنگیەکانی ئەم دەسەڵاتە پێناسەبکات و دابەشیان بکات (مەبەست دابەشکردنی هێزەکانە بە شاقوڵی و ئەستونی).

ئەگەر سەرچاوە زانستییەکان و توێژینەوە ڕەخنەییەکانی مێژووی ڕوداوەکانی جێنۆسایدی ئەرمەنەکان لە ستاندارتێکی مێژووییەوە وەربگرین، زۆر زوو بۆمان ڕوندەبێتەوە، کە مێژوونووسانی تورکی عوسمان و لاوانی تورکی دوای سوڵیان مەحمودی دووەم ٢ ڕوووداوەکان لەبەرژەوەندی دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمە و پارێزەرانی کۆمارەکەیەندا هۆنیوەتەوە. بەرامبەر درۆ و ئاوەژووکردنی ڕاستییەکان گەلەک سەرچاوە و فاکتی مێژوویی هەنە، کە لەسەر بناغەی زانستی و چاوەدێرییەکانەوە ئەم ڕووداوە مێژیییە هەڵدەسەنگێنن. یەکێک لەو چاوگە زانستیانە، کە باس لەم ڕووداوانە دەکات کتێبە بەناوبانگەکەی یۆهانس لێپسیۆس ( **Johannes Lepsius**)ە١، کە بەڕونی تاوانەکانی سوڵتان مەحمودی دووەم ٢ بەرامبەر ئەرمەنیەکان ئاشکرادەکات و دڕندەییەتی دانیشتوانی سیڤیلی تورکی ئەو سەردەمەمان بۆ ڕوندەکاتەوە. یۆهانس لێپسیۆس ئەو کاتە خۆی چاودێری ڕووداوەکانی کردووە و بەشێوەیەکی ڕاستگۆییانە و بەویژدانانە لەسەر ڕووداوەکانی نووسیوە. لە کتێبەکەیدا زۆرێک لە فاکتە مێژیییەکان و هۆکاری ئەم "قەتلوعامە" ڕوندەکاتەوە.

لێپسیۆس بەم شێوەیە باسی ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨٥ دەکات: "ڕاوەدونانی ئەرمەنیەکان لە تورکیا لە پایزی ساڵی ١٩٨٥ وە دەستیپێکرد" ٢ و لەپاشدا لێپسیۆس وەکو شاهێدێکی زانستکاری ئەو سەردەمە لە کتێبەکەیدا دەنووسێت: "ئەمەش بووە کوشتار و خوێنڕشتن تادەگات بەکۆمەڵکوژی ئەرمەنیەکان لەزۆر ناوچەی جیاوازدا لە لایەن تورکەکانەوە.٣ لەماوەی دوو ساڵ (١٨٩٤ بۆ ١٨٩٦.)دا ٣١٢,٠٠٠ ئەرمەنی لەناوبران. لە کۆتایی ساڵی ١٨٩٧ دا تەنها لە ناوچەی کیلیکیەن (Kilikien) ٢٥٠٠ گوندی ئەرمەنی و ٥٠٠ کەنیسە وێران و تاڵان (فەرهود) کران. ٣٠٠ کەنیسە کرانە مزگەوت و ٥٠,٠٠٠ منداڵی ئەرمەنی باوانیان لەدەستچوو.٤

زۆرینەی گەلی تورک و بانگێشەی فەرمی حکومەتە یەک لەدوایەکی کۆماری تورکیاش تاکو ئەم ساتەش دانیان بە گێنۆسایدی (کۆمەڵکوژی) ئەرمەنەکاندا نەناوە و بەڕەسمی داوای لێبوردنیان لەگەلی ئەرمەن نەکردووە. لێرەدا زۆر بەڕونی دیارە، کە تورکەکان بەرامبەر هەڵە مێژووییەکانیاندا نەوەستاونەتەوە و شێرپەنجەی خوێناوی مێژوویان بۆ نەوەکانی داهاتویان بەدەمارەکانی جەستەی ناسیۆنالیستی و شۆڤێنیستی تورکیدا

گواستۆتەوە. مەخابن کە لە وڵاتەکەیاندا ملیۆنەها ئەرمەنی بوونەتە قوربانی سیاسەتی سوڵتان و تورکە لاوەکانی کۆماری تورکیا.

پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە، نەوەی ئێستا و لاوەکانی مۆدێرنی تورک چۆن بڕواننە ڕووداوێکی مێژوویی وڵاتەکەیان، ئەگەر فاکت و توێژینەوە زانستییەکان بەژێر گۆڕدا کرابن، ڕاستییەکانیان لێئاوەژوو کرابن. لاوان گەلێک توانای بووژاننەوە و جڤاکی کۆمەڵایەتی و مێژووییان هەیە، کە مێژووی ڕووداوەکان بە شێوەیەکی باوەڕپێکراو و ڕاستبێژی لەبەر دەستیاندا بێت و کاری تێدابکەن.

دیارە مێژوو تەنها لەلایەن مێژوونووسانەوە تۆمار نەکراوە، بەڵکو مێژووناسان توانیویانە بەشوێن سەرچاوە زانستیەکانی ئەم ڕووداوانەدا بگەڕێن و بیروڕای خۆیانی لەسەر بدەن.

مێژوو ئاوێنەیەک نیە، کە ڕووداوەکان کتومت بپەرچێنێت، بەڵکو کۆمپلێکسێکی کرفتلەخۆگرە و ڕووداوەکانی پێویستیان بە هزری ڕەخنەگرانە و توێژینەوە هەیە. هەڵسەنگاندیان چاوانی تیژبین و ویژدانی مرۆڤانەیان گەرەکە. گەر بەراوردێکی مێژوویی لەتەک ڕووداوەکانی مێژووی قەتڵوعامی ئەرمەن لە تورکیادا بە ڕووداوەکانی دووەم جەنگی جیهانی لەلایەن نازییەکانی ئەڵمانیاوە لە ڕوانگەی شکاری زانستیانەوە بکەین، ڕون و ئاشکرا دەبێت، کە هەندێک لە مێژووناسانی ئەڵمانی (لێرەدا مەبەست لە سەرچاوە ئەڵمانیەکانە، کە بۆ ئەم نووسینە سودی لێوەرگیراوە) توانیان ڕوداوەکانی جێنۆسایدی جوەکان لە دووەم جەنگی جیهانیدا بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە و بە مێتۆدی زانستیانە شیکار بکەن، کە هێزی شەڕانخوازی نازییەکان بەرامبەر ئەوان کردوویانە. نەک مێژووناسانی ئەڵمان، بەڵکو بەشێکی زۆرینەش لە گەلی ئەڵمان دانیان بە شرۆڤە ڕەخنەییەکاندا هێناوە، هەستیان بەو هەموو تاوانە بەرامبەر گەلان و کەمینە و کەمئەندامان و کەسانیتر کردووە. ئەڵمانەکانی دوای جەنگ گەلەک بە خێرایی دەستیان هەڵبڕی و داوای لێبوردنیان لە جیهان و لە گەلانی ناوچەکە و لە جوەکانی هەموو جیهان کرد. تورکەکان تاکو ئەم ساتەش دان بەتاوانەکانی قەتلوعامی ئەرمەنەکان ناکەن، چجا داوای لێبوردن. مێژووناسانی ئەڵمان دیارە کارێکی زۆر و کاریگەریەکی زۆریان هەبووە لەم "ڕاستبێژییەی مێژووەکەیاندا". ئەوان توانیان ڕوداوەکان بە پێوەرێکی زانستی و ویژدانێکی مێژووییەوە شیکاربکەن و ڕەخنەیان لێبگرن، بۆ ئەوەی ئەو هەڵە مێژووییە دووبارە نەکەنەوە. ڕەنگە ئەمە بە "هەستیاریکردن بەرامبەر بە مێژوو" پێناسەبکرێت و حیکمەتی/هۆزمەندی لێوەربگیرێت.

گێرهارد ڕیتە (Gerhard Ritter)٥ یەکێکە لەو مێژووناسانەی ئەڵمان، کە بە مێتۆدێکی زانستیانە و ڕاستگۆیانە ناوەڕۆکی ڕوداوەکانی مێژووی جێنۆساید و بەربەرێتی ڕژێمی نازیەکانی ئەڵمانیای شیکار کردووە و بەکۆمەڵگەی ئەڵماننی و جیهانی ناساندووە. ڕیتەر زۆر بەڕوونی و بەبێ پێچوپەنا ئەم هاوکێشە پڕگرفتە لەم ڕستەیەدا دەهۆنێتەوە. "مرۆڤایەتی ئەوروپا لە هەموو سات و سەردەمەکاندا خولیا و

مەفتونی دەسەڵات بووە، کە ئەویش بەشێک بووە لەو هۆشدارییە ترسنهێنەرە و دووفاقەئاساو چەتوونیەی دەسەڵات "٦

ڕاستبێژی و ویژدانی دادپەروەرانەی مێژووناسێکی وەک ڕیتەر دەنگێکی بەرز و ڕاچڵەکانێکی ویژدانی و مێژوویی بوون بۆ گەلێکی وەکو ئەڵمان، کە دوو جەنگی جیهانی بەرپاکردبوو. ئەو پێیان دەڵێت هەڵەکانمان تەنها بە ڕاستبێژی و ویژدانی مرۆڤپەروەرانە ڕاستدەکەینەوە. ئەگەر ڕەخنەگرانە لە ڕوداوەکان نەڕوانین، لەسەر هەڵەکانمان بەردەوام دەبین. دیارە گێرهارد ڕیتەر تەنها مێژووناسێکی ئەڵمان نەبووە،کە لەسەر ئەم ڕووداوانەی نووسیبێت، زۆرێک لە نووسەران و فەیلەسوفان و مێژووناسانی تری ئەڵمانی بەچاوی ڕەخنەگرانە لەسەر ڕوداوەکانیان نووسیوە.

نەک لایەنە فەرمییەکان، بەڵکو زۆرینەی گەلی ئەڵمانیش دانی بەم تاوانەدا ناوە وداوای لێبوردنیان کردووە، کە ڕۆڵی مێژووناس و ڕۆشنبیرانی گەلێک نیشاندەدات. ئەوان ڕاستی ڕووداوە مێژووییەکان لەبەر چاودەنێن و هێما و هێڵە سەرەکییەکانی ئاشتیخوازانە بەیەکتر دەگەیەنن.

ئەگەر چاوێک بە مێژووی پەنجاساڵ لەوەپێشدا بخشێنین، جارێکی تر ڕووبەڕوی هەمان گرفت و کۆمپلێکسی مێژوویی دەبینەوە، پرسیار دەکەین ئایا مێژوو کێ دەینووسێتەوە، دەسەڵاتداران و کاربەدەستەکانیان، یان مێژووناسان و ڕۆشنبیر و ئەکادیمێکانیان؟ ئەمە گرفتەکەیە، کە زۆرێکی ڕوداوە مێژوییەکان بنەمای زانستی مێژوویی ئەوتۆیان نیە، کە مێژووناسانی سەردەم بیکەنە بنەمای پێداچونەوەکانیان و بیروڕای خۆیانی لەسەر بدەن. گەر بە کۆنکرێتی چاوێک بەم مێژووەدا بخشێنین، بە ڕوونی دەبینین، کە حکومەتە یەکلەدویەکەکانی دەوڵەتی تورکیا تاکو ئەم ساتەوەختەش بەردەوامن لەهەڵە مێژووییەکانیاندا و پەلاماری گەلانی ناوچەکە دەدەن. زۆرجار دەڵێن "مێژوو عیبرەتە"، ئایا گەلان سودیان لەم عیبرەتە وەر نەگرتووە، یان مێژوو دووبارەبوونەوەیەکی خەرەکئاسایە و دەبێت دووبارە و چەندبارەی بکەینەوە؟

١. Lepsius J.: Armenien und Europa. Eine Anklage-Schrift wider die christlichen Großmächte und ein Aufruf an das christliche Deutschland Berlin Westend ١٨٩٦. ئەرمێنیا و ئەوروپا. سکاڵانامەیەک دژی وڵاتە زلهێزە مەسیحییەکان و بانگەوازێک (جاڕنامەیەک) ئاڕاستەی ئەڵمانیای مەسیحی.
٢. یۆهانس لێپسیۆس لە ١٥,١٢,١٨٥٨ لەدایک بووە، لە ٠٣,٠٢,١٩٢٦ دا کۆچی دوایی کردووە. تیۆلۆگێکی پرۆتێستانت و ڕۆژهەڵاتناسێکی (ئۆرێنتالیست)ی باش بووە، بەتایبەتی لەسەر مێژووی گەلی ئەرمەنی. لە ساڵی ١٨٨٠ دا دوکتورای لەبەشی فەلسەفەدا بەدەستهێناوە و لەکۆتاییدا سەرقاڵی دراساتی تیۆلۆگی (زانستی خوداناسی) بووە. ئەندامی دامەزرێنەری "پەیامبەرانی مەسیحی ڕۆژهەڵاتناسانی ئەڵمانیا" بووە. لە نزیکەوە و بە شێوەیەکی زانستی توێژینەوەی لەسەر جێنۆسایدی ئەرمەنەکان لە تورکیادا کردووە.
٣. هەمان سەرچاوە لا ٣٣
٤. هەمان سەرچاوە لا ١٢٤-١٢٣
٥.
٦. G. Koutcharian: Der Völkermord an den Armenier und seine Auswirkungen. In: Pogrom Nr.: ٧٢/٧٣, ١٩٨٠, S. ٩-٢٠, hier Seite ١٠ کۆمەڵکوژی ئەرمەنیەکان و ئاکەمەکانی، لە گۆڤاری پۆگرۆم، ژمارە ٧٢/٧٣ دا، ساڵی ١٩٨٠، لاپەڕەی ١٠
٧. Gerhard Ritter: Die Dämonie der Macht. Beitrag über Geschichte und Wesen des Machtproblems im politischen Denken, Heinrich F.C. Hansmann Verlag Stuttgart, ١٩٤٧ گێرهارد ڕیتەر، دێوەزمەی دەسەڵات: تێڕوانین بە مێژوو و چیییەتی گرفتەکانی دەسەڵات لە هزری سیاسی سەردەمی نوێدا.
٨. هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ١٩٧

دیارە ئەبێت لێرەدا ئەوە لە یادنەکەین، کە کوردەکان و هەندێک لە عەشیرەتەکانی کوردیش بەشداری ئەم تاوانەیان کردووە، سوارەی حەمیدی و هەندێ لە کاربەدەستە کوردەکانی ئەو سەردەمە، بە عەشیرەتە کوردەکانیشەوە، لەژێر فەرمانڕەوایی سوڵتان حەمیدی دووەم/ ٢ دا لە هەندێک ناوچەدا قەتڵوعامی ئەرمەنیەکانیان کردووە. گەر ئێمەی کوردیش پەند لە ئەزمونە مێژووییەکانی خۆمان وەرگرین، دەبێت بە فەرمی و کۆلێکتیڤ داوای لێبوردن لەگەلی ئەرمەنی بکەین.

## تێرامانێک لەسەر نوسینەکەی یۆهانس لێپسیۆس

ئازار تایبەتمەندییەکی کەسییە، هەر مرۆڤێک بە شێوەیەکی خۆیی (ئیندیڤیدوێڵ) ئازارەکانی هەستپێدەکات. ئازار جۆری زۆرە، هەندێکیان تەندی / فیزیکی و هەندێکی تریان دەروونین. دیارە ئاژاڵەکانیش بێبەشنین لە ئازارەکان. ئازار ستونی تین و سەختێتی خۆی هەیە، هەندێجار بە هەمیشەیی لە تەنماندا دەمێننەوە و بەدرێژایی ژیانمان هاوڕێگامانن.

هەندێک ئازار هەن، کە لە چوارچێوە و سنورەکانی کەسی تێدەپەڕن و شێوەی گەلەکی (دەستەجەمعی) لەخۆدەگرن، ئازارێکن کە وابەستەی ئێستاو هەندێجار ڕابردووشمانن. ئازارەکانی ڕابردووش ڕەنگە بە "ئازاری مێژوو"یی ناوزەدبکرێن، لێ بەسەرهاتێکن، کە گروپێک، بیروبارەڕێک، دیانەتێک یان گەلێک بەشێوەی کۆلێکتیڤ لەخۆیانی دەگرن. مەبەستی ئەم نووسینەش جۆری ئازارەکانی بەدەنی نین، زیاتر باس لە ئازاری هەندێک لە ڕووداوە مێژووییەکان دەکەن، کە دەستەجەمعین و بوونەتە ئازارێکی کڕۆنی (هەمیشەلەخۆگر). لێرەدا جێی خۆیەتی ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین، داخۆ ئازار لەتەک مێژوودا لە چ پیوەندییەکدا بێت. مێژوو هەندێجار ئازارلەخۆگرە، ڕووداوەکانی جەرگبڕن، هۆکارەکانی نادیارو فاکتەکانی سەرەوژووکراون. پێداچونەوەی هەندێ ڕووداوی مێژوویی ئازارێکی دەروونی و تەزوویەکی ساردە، کە بەجەستەماندا تێدەپەڕن. بۆیە گرنگە بەشوێن فاکتە زانستییەکانیاندا بگەڕێین. ڕەنگە گەر ئەم دیاردەیە بە "ئازاری مێژوویی" بناسێنین، لەشوێنی خۆیدابێت. هەموو ڕووداوێکی مێژوویی هۆکاری خۆی هەیە، پێشبینییەکانی / باکڕاوندەکانی هەندێجار دیار و هەندێجار شاراوەن، شوێنەوار و پاشماوەکانیان لەناوبراون. ئەم خەسڵەتەش دەبێتە هۆی ئەوەی، نەتوانین لەچاوگەکانیان شێوەیەک لە فاکتی زانستی هەڵهێنجین، لێ فاکتەکانیان دزراون، ڕاستییەکانیان ئاوەژووکراون.

لەم بەشەدا تەنها باس لەڕوودا و ساتە پڕئازار و سەختەکانی مێژوو ناکەین، بەڵکە لەخۆهەڵبەستی (ئیدعا) و بێفاکتی زانستییانەی ڕووداوەکان دەکەین، کە لەلایەن بەناو "مێژووناس"انەوە هەڵبەستراو و ئاوەژووکراونەتەوە، لێ هەڵگێڕانەوەی ڕووی ڕاستی ڕووداوەکان

لەخۆیاندا پڕئازارن، مەبەست لە ئازاری مێژووە. بەهانەی جەنگ و تەنگژە جۆراوجۆرەکانی ڕابووردوو بەڵگەیەکی زیندون لەبێویژدانی بەناو نووسەران / مێژوونووسانی ئەم ڕووداوانە. نموونەیەکی زیندوو و لەبیرنەکراوی ڕوداوەکانی یەکەم جەنگی جیهانی و کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان دەکرێتە جێی باس و هەوڵدەدرێت لە ڕوانگەی مێژوونوس و قەشەی ئەڵمانی "یۆهانس لێپسیوس"١ ەوە شیکاربکرێت. لەبەر گرنگی ئەو کتێبەی٢، کە لەسەر ئەم ڕووداوە مێژووییە نوسیویەتی، جێگای سەرنجە لەناوەڕۆکی شیکارەکەی قوڵتر بڕوانین. ئەم باسەش، کە تەنها پەیوەندی بە ڕووداوەکانی کۆمەڵکوژی

ئەرمەنییە مەسیحییەکانی دەورانی یەکەم جەنگی جیهانییەوە هەیە، ئاوێنەیەکی هەموو ئەو ڕووداوە مێژووییە پڕ ئازارانەن، کە ئێمەی کوردیش لە کارەساتە پڕ ئازارەکانی مێژودا چێشتومانن. ئەم نووسینە توێژینەوەیەکی زانستی ڕووداوە مێژووییەکە نیە، بەڵکو هەڵهێنجانی بیروڕاکانی نووسەری کتێبەکەیە و بەو شێوەیەی کە نووسەر باسیان دەکات دەخرێتە بەردەم خوێنەرانی کوردزمان. گرنگی کتێبەکەی لێپسیۆس لەوەدا نییە، کە تەنها باس لە ڕوداوەکانی ئەو کارەساتە دەکات، بەڵکو زیاتر لەوەدایە، کە نووسەر خۆی لە کات و شوێنی هەندێک لە ڕووداوەکاندا ئامادە بووە و لە هەندێکیانیشی زۆر لە نزیکەوە ئاگادار بووە. ئەمەش جۆرێک لە نرخی مێژوویی دەداتە ئەم کتێبە. بێگومان هەندێک لە بیروڕاو شیکارەکانی لێپسیۆس بۆ ئەم ڕووداوانە و باس لە دەوری هەنێک لایەنی بەشداربوو لەم چوارچێوەیەدا بابەتیانە نین و بێبەرن لە فاکتی مێژوویی.

مەبەست لەم نووسینە ئەو ڕوونکردنەوەیەیە، کە نووسینەوەی بەشێک لە مێژووی کورد، جا گەر لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسە ئەوروپییەکانەوە یان لەلایەن مێژوونووسانی ئیسلامەوە ڕاڤەکرابێتن، مەرج نییە لە خانەی توێژینەوە و شیکاری زانستیانەدا کاتیگۆری بکرێن. زۆرێک لەم مێژوونووسانە، بە ئەرەبی ئیسلامی، یان فارس و تورکە ئیسلامیەکانیشەوە، بێ چاوگی زانستیانە لەسەر بابەتی مێژووی کورد و ڕووداوەکانی شیکاریان کردووە. گەلێک هۆکاریان بە ئارەزومەندانە پەڕاندووە، ڕق و کینە و مەرامی سیاسیان پێوە لکاندووە. ئەم کتێبەش لەهەندێ جێگەدا بێبەر نیە لە بەرهەمی جۆرێک لە ڕق و کینەش دەربارەی نووسینەوەی مێژووی ئەو دەمەی ڕووداوەکان.

جێگای خۆیەتی لەڕوانگەی ئەم کتێبەوە پێناسەیەکی "کوشتار" بکەین، کە تەواوی ڕووداوەکاندا باس دەکرێن. کوشتار یان کۆـکوژی، کوشتنی بەدەستەجەمعی، لەناوبردن و سڕینەوەی گروپێک، ئێتنیەک، یان هەڵگرانی باوەڕێک، لەلایەن دەستەیەکی دەسەڵاتدارەوە، کە سنوورەکانی دادپەروەری و مرۆڤپەروەری دەبەزێنین. یەکێک لە خەسڵەتەکانی کوشتار، کۆـکوژی، ئەوەیە، کە لە هاوکێشەیەکی نایەکسان و پێچەوانەییدایە، زۆرکوشتن ـ زووکوشتن، بەواتای زۆر بکوژە ـ زوو بیکوژە. ئەم هاوکێشەیە لێوانلێو بۆ "کۆمەڵکوژی" ئەرمەنە مەسیحییەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتوریەتی عەسمانی دەگونجێت. خەسڵەتێکی تری کۆـکوژی سڕینەوەی زۆرینەی شوێنەوارەکانی ئەم ڕووداوانە و بەزوو ئەنجامدانیان بووە. مێژووی قەتڵوعامەکانی هێرشی "فتوحاتی ئیسلامی" (بەرفراوانکردن/بەرفراوانبوون) و داگیرکردنی بەشێکی زۆری وڵاتان و خاکی غەیرە ئیسلام نموونەیەکی زیندوی ئەم ڕوونکردنەوەیەن.

لەکاتێکدا نووسینەکانی لێپسیۆس دەخوێنینەوە، زۆر بەئاشکرا بۆمان ڕوندەبێتەوە، کەئەم مێژوونوسە لەکاتی نووسینی ڕووداوەکانی کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان ئازارێکی کەسی بەرجەستە بووە، ئاخر یۆهانس لێپسیوس باس لە بێویژدانترین و دڵڕەقترین سیستەمێک دەکات، کە ڕووداوەکان بە ئارەزوو و بەرژەوەندییاکانی خۆی و بەدرۆ و ئاوەژوکراو

دەهۆنێتەوە، باس لە ڕۆڵی دووڕوییانە و بەرژەوەندلەخۆگری وڵاتانی ئەورووپی مەسیحی دەکاتەوە، کەلەپێش چاویاندا ملیۆن و نیوێک ئەرمەنی و کەمایەتیەکانی سەر بە ئیمپڕاتۆرییەتی عەسمانی و دوای ئەوانیش کۆمەڵکوژکراون. کاربەدەستانی ئەوکاتەی ئیمپڕاتۆری عوسمانی و دام و دەزگای سوڵتان عەبدولحەمیدی ٢ ، لەپاشدا مێژوونوسان و نووسەرانی تورک ڕاستی ڕووداوەکان بە هەڵگێڕانەوەیی و نادیار و تەنها لە بەرژەوەندی سوڵتاندا تۆماریان کردوون، کە لێپسیوس بە فڕوفیشاڵ و درۆ و بێبنەمای زانستی ناویان دەبات. لێپسیوس لەم بارەوە دەنووسێت: "بکەرانی کۆمەڵکوژییەکە لەلایەن فەرمانبەرانی سوپاو سیڤیلەوە (مەبەست لە دانیشتوانی ئەوکاتەی تورک خۆیەتی، وەرگێڕ) جێبەجێکراون/ بەئەنجامگەیەندراون، کەدەستیان زیاتر بەسەر هەشت فەرمانداریدا درێژەی کێشابوو. بەڕادەیەکی زۆر لەکاولکردن و ڕاووڕووت / غارەتگەری، لەپالیشیاندا بەزۆرە ملێهێنان بۆ سەر ئایینی ئیسلامی گەلێکی ئەرمەنی مەسیحی بەئەنجام گەیەندران. گەر مرۆڤ بیرتیژانە بڕوانێت باس لە جەنگێکی کراوە (ڕووبەڕوو) ناکرێت، بەڵکو باس لە جێبەجێکردنی بکوژوبڕی و ڕاو و ڕووت، کە پەلاماردانەکانی بەنهێنی بمێنێتەوە و شوێنپەنجەیان بەزوترین کات لەسەر شوێنی ڕووداوەکان بسڕدرێنەوە، کارێک بەئەندازەیەکی باڵا لە تێکشکاندن و دوواوەبینی / وریایی و کارامەیی لە ڕێکخستندا دەخوازێت. ئەمە جیاوازە لە بزواندنی جەنگێک (جەنگێکی کراوە و ڕووبەڕوو). مرۆڤ دەبێت ئەوەش بدرکێنێت، کە بکەران و بەرهەمهێنەرانی کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان بێشەک (بێگومان) بەڵگەیەکی ڕەونەقدار و بریسکەدار لە تواناکانیان دەخەنە بەر دەستمان، بەڵگەیەک، کە تەنانەت لە مێژووی ئیمپڕاتۆری تورکی خۆشیدا بەدەگمەن ئەو دێوەزمە بەدو نەگریسەی تێدا بەکارهێنراوە."٣ ئەمە ڕاستیەکی مێژووییە بۆ ئەو ڕووداوانەی پێش ١٢٦ ساڵ بەر لە ئێستا نوسراونەتەوە. جێگای سەرسوڕمان نییە، کە لەم تێکستەدا باس لە لەناوبردنی شوێنەواری ڕووداوەکان دەکرێت، کە لە سەرجەم مێژووی ئیسلام و ئیمپڕاتۆریەتەکانیدا شوێنەواری ڕووداوەکان بە شێوەیەکی زۆر خێرا بەلاوەبراون و بۆ هەمیشە سڕدراونەتەوە. ئەم تایبەتمەندێتییە لە هەناوی سەرجەم مێژووی ئەو دەڤەرەی ئێمە، بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشەوە، بونەتە هۆکاری ئەوەی مێژووی ئەو ناوچانە بێبەربن لە بنەما زانستییەکان و فاکتە مێژووییەکان، ئاخر چۆن بتوانین لە ڕاستییەکانی ئەو ڕوداوانە تێبگەیەن، گەر شوێنەوارەکانیشیان سڕدرابووبێتنەوە یان پاش چەند مانگێک بە تەزویر باسکرابێتن. لێپسیۆس باس لەساختەبازی و تەزویری ڕووداوەکان لەلایەن مێدیاکانی تورکەوە دەکات و بەتەوسەوە دەنوسێت: "بەڵێ، سوپاسگوزاری بۆ کاریگەری مێدیاکان لە ساختەبازی (تەزویر) بۆ نێو بیروڕا فەرمیەکاندا بوونە هۆکاری ئەوەی، ڕاستییەکان (ڕاستی ڕووداوەکان، وەرگێڕ) پاش چەند مانگێک ئاشکرا بکرێن"٤. واتە بەدوای کوشتارەکاندا بە چەند مانگێک. ئەمە گرفت و لەهەمانکاتدا ئازارەکانی مێژووی ڕووداوەکانە. لەبەر نەبوونی فاکتە مێژووییەکان ڕەنگە تەواوی بەرفراوانکردنی/بەرفراوانبوونی ئیسلام لە هێرشەکانی بەناوی "فتوحاتی ئیسلامی"یەوە هەمان دیاردەی لە سڕینەوەی شوێنەوارەکانیان لەخۆگرتبێت.

بکەرانی ڕووداوەکانی کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان

خاڵێکی پڕگرفت و گرنگی تر لەم باسەدا بکەرەکانی ڕووداوەکانن، کە لەلایەن کاربەدەستانی ئەو کاتەوە بەهۆکاری جیاواز و نادیار ئاوەژوو باسکراون. لێپسیۆس باس لە ترسی کاربەدەستانی ئەوکاتەی دەوڵەتی عوسمانی لەسەر سنوورەکانی ڕوسیادا دەکات، کە زۆرینەی دانیشتوانەکانیان ئەرمەنی بوون، وە بەوە تاوانبار کراون، کە هەمئاهەنگیان لەگەڵ ڕوسیادا کردبێت، بەڵام وەڵامی کۆکوژی ملیۆن و نیوێک لە دانیشتوانی سیڤیلی ئەرمەنی لەو ناوچانەدا ناداتەوە.

بکەرانی ڕاستەقینەی کۆمەڵکوژییەکان بەپلەی یەکەم بەفەرمانی سوتانی عەسمانی، سوڵتان عەبدولحەمیدی ٢، بەئەنجام گەیەندراون، دانیشتوانی سیڤیلی تورکیش، کە پڕ ڕکینە بوون بەرامبەر ئەرمەنییە مەسیحییەکان، بەشداری ڕاوستەوخۆی کۆمەڵکوژییەکەیان کردووە. مەلا بەنێو دیندارەکانی ئەو دەمەش لە منارەی مزگەوتەکانەوە کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکانە مەسیحییەکانیان حەڵاڵ کردووە و هاندەری زۆرینەی کۆمەڵکوژییەکان بوون. یۆهانس لێپسیۆس لەم کتێبەدا بە وردی باس لەم بەشداربوونە دەکات. کە مەخابن کوردەکانیش بە فڕوفێڵی سوڵتان و فەرمانبەرانی ئیمپڕاتۆرییەتی عەسمانی و بەرژەوەندییە کەسییەکانیان هەڵخەڵەتێنراون و لە هەندێ ناوچەدا بەشداری کۆمەڵکوژییەکەیان کردووە.

لێپسیۆس دەنووسێت: "کارێکی زۆر ڕون و ئاشکرایە، فەرمەنبەرانی جەنگی و سیڤیلیش لەئامادەکردن و بەرپابوون و جێبەجێکردنی ئەم کۆمەڵکوژییەدا سەرجەمی کارەکانیان بەدەستەوە بووە.ئەو هەموو تاوان و ڕیسواکردن و شوورەیی و ئەتککردنە (نووسەر مەبەستی لە لاقەکرنیشە) بەتەنها لەلایەن دانیشتوان سیڤێڵەوە بەئەنجام نەدەگەیەنران، بێ فەرمان و فریودانی خەڵکەکە بۆ ئەم تاوانانە و زانیاریپێدانیان، ئەمانەن بوونەتە هۆکاری ئەو سزادانانەی لە پاشدا ڕوویاندا. ئەمە ئاشکرایە بۆ هەموو کەسێک، کە چاوێک بە ڕاستیەکاندا بخشێنێت"٤

لێپسیۆس زۆر بەڕونی و ئاشکرا لە لاپەڕە ٤٥ دا باس لە بەئیسلامکردنی زۆرەملێیی مەسیحیە ئەرمەناکان لە لایەن فەرمانبەرانی تورکەوە دەکات. ئەرمەنیەکان لەژێر کاریگەری ئەشکەنجە و زۆرەملێ کراونەتە موسوڵمان، ئەو ئەرمەنیانەی نەچونەتە سەر ئایینی ئیسلام، لەشوێنی خۆیاندا کوژراون یان بەندکراون، بەزۆر واژویان پێکراوە، هێرشیان کراوەتەسەر، ئەم هەموو تاوانە بەرامبەر گەلێکی مەسیحی ئاشتیخواز لە چوارچێوەی ئیمپڕاتپریەتی عوسمانیدا بوونەتە ئازارێکی بێوێنەی ویژدانی نوسەرێکی وەک لێپسیۆس، کە لە لاپەڕەی ٩٢ دا بە ڕونی و بە شێوازێکی تەوسەوە دەریدەبڕێت، کە نیوملیۆن ئەرمەنی بێبەشکران لە سامان، لە خانوبەرەیان، لە دانەوێڵە وئەمبارەکانیان، لە جلوبەرگ و سەرجێگە و بژێوی ڕۆژانەیان، نێردران بۆ برسێتی و مردن، ئەم کارەساتانە بێبەربوون لە بەزەیی و ویژدانێک، کە لەلایەن کاربەدەستانەوە نەجوڵاوە، ئەو هەموو مرۆڤە ڕەوانەی

مردن و کۆکوژی بکرێت؟ ئەمە پرسیارەکەی لێپسیۆسە، کە ئاڕاستەی وڵاتانی مەسیحی ئەورووپای دەکات و جارجار بە شێوازی سەرزەنشت و هەندێجار بە توڕەبوون و هەیەجانێکی دەروونییەوە سکاڵای قوربانییەکانی ئەرمەن دەخاتە بەردەمیان.

لێپسیۆس جارێکی تر بەڕوونی باسی بکەرانی کۆمەڵکوژیەکە دەکات: "هەرکەسێک بابەتی ئێمەی بە هۆشیاری/هۆشمەندی خوێندبێتەوە، زۆر بەخێرا بەو دەرئەنجامە دەگات، کە کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان جگە لە ڕێنماییکی کارگێڕی، کە لەلایەن سوڵتان و دەوڵەتی ناوەندییەوە فەرمانی پێدرابوو، بەئەنجام گەیەندراوە. ناچارییە لێرەدا بەڵگەکان بۆ هەموو ئەو کەسانەی جێگای باوەڕپێکراون هەنارد بکەین، کە زۆر ئاسانە لە ڕاستییەکان تێبگەن."٥

دیارە لێپسیۆس ڕەخنەکانی لەدژی وڵاتە ئەوروپیە مەسیحییەکان و پەرچدانەوەکانیان بەرامبەر ڕووداوەکان لە نووسینەکەدا بە ئاشکرا ڕوندەکاتەوە:"موسوڵمانێک دەڵێت، ئێمەی موسڵمانە محەمەدییەکان دەبینە لم (چقڵ) لەچاوی جیهاندا. سوڵتان ڕێگەدەدات، هەموو ئەرمەنەکان کۆکوژبکرێن، ئەوروپاش جورئەتی ئەوەی نیە، تەنانەت پەنجەیەکیش هەڵبڕێت."٦

لە کەپیتڵی ١٠دا لەژێر ناونیشانی "ئەنجامەکانی ئەم بەسەرهاتە بەدوای خۆیدا چیدێنێ" لێپسیۆس باس لە کاریگەرییەکانی ئەم کۆمەڵکوژییە بۆ دانیشتوانی تورکی دێهاتنشینەکان و تەنانەت هەرێمەکانی تری ژێر دەسەڵاتی ئیمپڕاتۆریەتی عەسمانی دەکات و دەنوسێت:"لە گوندەکاندا جوتیارەکان سکاڵای ئەوەیان دەکرد، ئەو شمەکانەی کە پێشتر لە بازرگانە ئەرمەنییەکانەوە بە نرخێکی هەرزان دەکڕی، کە بە ناوچەکەدا گەشتیان دەکرد. ئێستا بە ئەرک و ماندوبوونێکی زۆر و بە نرخێکی سێ یان چوار هەند بەدەست دێنن. ئەمەش دەرئەنجامەکانی ئەو سیستەمە ئابوریە دەڕوخاوەی ئەو ساتەمان بۆ ڕوندەکاتەوە.٧

لێپسیۆس ئەمە بە "دەرەنجامی بەرەڵایی ئابوری" ناوزەد دەکات.

خوێنڕێژیەکان لە ڕوانگەی هەواڵنامەی (ڕاپۆرتی) دیپلۆماتە ئەوروپییەکانەوە

هەر لەهەمان کتێبدا باس هەندێک ڕاپۆرتی لەدیپلۆماتە ئەوروپییەکان وەک خۆیان نووسراونەتەوە و وەک نمونە خراونەتە بەر دەم خوێنەر، لەهەمان کاتدا ئەم ڕاپۆرتانە بۆ کاربەدەستانی وڵاتەکانیان هەنارد کردووە. یەکێک لەو هەواڵنامانە لە لایەن "گێرهارد هێنری فیتزماوریس"٨ی بەریتانیەوە، جێگری کۆنسوڵی ئەوکاتە بووە لە تورکیا و باس لە کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان لە شاری عورفە دەکات، کە لە ١٦,٠٣,١٨٩٦ دا نوسیویەتی:"ڕون و ئاشکرایە، کەهەموو پلانی کۆمەڵکوژیەکەی عورفە لە سەنتەری فەرمانداریێتی حکومەتی سوڵتانەوە فەرمانی پێدراوە".هەروەها دەنوسێت:" ئاشکراکردن و فاکتەکانی ئەم ڕاپۆرتە لەسەر کۆمەڵکوژییەکەی عورفە ئامادەکراون، بەشێوەیەکی گەلەک

سەخت قورسایی دەخاتە سەر حکومەتی عوسمانی، وە منیش بەرپرسیاریەتیکی تاوانلەخۆگر دەخەمە ئەستۆم ئەم کارە لە ڕاپۆرتێکی فەرمیدا یاداشت بکەم (تۆماربکەم). هەرچەندە ئەو سیستەمە فریودەر و تۆقێنەرەی، کە لەلایەن بەڕێوبەرایەتی تورکەوە بەکاردەهێنرێت، فاکتەکان بەڕوونی و ئاشکرا بخەنە بەردەست، هەروەک لەلایەن دادگای باڵای ئەورووپیەوە دەخوازرێت. من توانیم لە پاش هەوڵێکی زۆر زانیاریەکانم وردبین و کارامە لە بێژەنگ بدەم. بەشێکی زۆریانم لە چاوگە محەمەدییەکانەوە هەڵهێنجاوە(بەدەستگەیشتووە) یان لەلایەن دەسەڵاتدارەکانیانەوە دانیان پێدانراوە.٩ لێپسیۆس باسی کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان لەلایەن سەربازانی سوڵتان و دانیشتوانی ناوچەی زێلێ Zileh دەکات، کەلەپاش هێرشکردنە سەر ئەرمەنەکان و کوشتنیان بەکۆمەڵ، تەواوی سامان و شمەکی دوکانەکانیان لەلایەن دانیشتوانە تورکەکان و سەربازەکانەوە تاڵان دەکرێن، بەبەهانەی ئەوەی، کە سەروەت و سامانیان موڵکی سوڵتانە. بەم شێوەیە هەنگاو بە هەنگاو ناوچەکانی تورکیا لە ئەرمەنەکان چۆڵدەکەن و سامانیشیان بەتاڵان دەبرێن. جێگای باسە، کە بەشدارنی ئەم تاڵان و کۆمەڵکوژییە لەلایەن موسوڵمانە تورکەکانی ناوچەکەوە بەئەنجام گەیەندراون، لێ خوێنی ئەرمەنی و مەسیحی و سامانیان حەڵاڵی ئەمانن. لە زۆرینەی هێرشەکاندا ژنە تورکەکان بە هەلهەلە هاوشانی مێردو کوڕەکانیان بەشداریان کردووە و مەلای مزگەوتەکانیش پێشتر خوێنی ئەرمەنەکانیان لە منارەی مزگەوتەکانەوە حەڵاڵ کردووە. لەهەمان ڕاپۆرتدا بەم شێوەیە باس لە بکەرانی تاوانەکان دەکات:"لەدوای ئەنجامدانی ئەم هەموو وەحشەتگەرییە، فەرمانداری شارەکە بەدەنگی بەرز بە بکەرانی ڕووداوەکە دەڵێت، چالاک و بەکاربن، دەست لە کوشتار و تاڵان و دوعاکردن بۆ سوڵتان هەڵمەگرن."١٠

جێگری قونسوڵی بەریتانی دەنوسێت:"ئەرمەنەکان بەکەسانی لەیاسالادراو دەبینرێن، تەنانەت لە ڕوانگەی محەمدییەکانەوە لەو سنورەش تێدەپەڕێت، کە ئەرمەنبوون جۆرێکە لە تاوانکاری سەرمایە."١١

لە لاپەڕەکانی ٢٠٧ و ٢٢٧ دا باس لەو ڕاپۆرتانە دەکرێت، کە بەچاودیتوەکان (شایەد عەیانەکان) بەچاوی خۆیان ڕووداوەکانیان دیتووە و هەندێکجار بەشداری ڕووداوەکانیش بوون ڕاپۆرتەکان بەزۆری لەسەر ئەم بابەتانەن:

- بەزۆرکردنە ئیسلامی ئەرمەنەکان، بەتایبەتی قەشەکانیان بۆ سەر ئایینی ئیسلام

- وێرانکردنی سەدەها کەنیسەی شار و دێهاتەکان و کردنیان بە مزگەوت

- لاقەکردن و سوکایەتی بە ژن و کچی خیزانە ئەرمەنییەکان

- تاڵانکردنی سامان و زەوی و دوکان وماڵی زۆرینەی ئەرمەنەکان

- کوشتنی هەزاران مرۆڤی بێتاوان و بێبەشداربوو لەم هێرشە یەکلایەنەدا، بەتایبەتی منداڵ و ژنان و کەسانی بەساڵداچوودا

ـ بێدادگا تاوانباردردنی هەزاران مرۆڤی بێتاوان و بەشدارنەبوو، زیندانکردنیان بەتۆمەتی جیاوازەوە.

ئەمەش بەو مانایە دێت، لە سیاسەتی تورکی عوسمانی و لاوە تورکەکانیش سڕینەوەی تەواوی میلەتێکی مەسیحی ئاشتیخواز بووە لەسەر زەوی باوانیان.

لەکۆتایدا دەنوسێت:"ئەمە ئەو بابەتانەن، کە ئێمە دەبێت مۆڕالانە بەرپرسیاریان بینەوە، پەنا بە خودا کە هێزە (دەسەڵاتە) ئەوروپییەکان لەداهاتویەکی نزیکدا ڕێگەچارەیەرێک بدۆزنەوە، سەرەڕای هەموو گیروگرفتەکان، کارەساتی ئەرمەنەکان بەزوویی کۆتایی پێبهێنن."١٢

مەخابن کوردەکانیش بە فڕوفێڵی سوڵتان و فەرمانبەرانی ئیمپڕاتۆرییەتی عەسمانی و بەرژەوەندییە کەسییەکانیان هەڵخەڵەتێنراون و لە هەندێ ناوچەدا بەشداری کۆمەڵکوژییەکەیان کردووە. بۆ ئەوەی ویژدانمان بەرامبەر مێژوو هەمیشە زیندو بهێڵینەوە، دەبێت فاکتە مێژووییەکان وەک خۆیان بخەینە بەردەستی نەوەکانی داهاتوومان، کەئەوەش بەشداربوونی هەندێک لە خێڵ و عەشیرەتە کوردەکانی ئەو کاتە و بەشداری "سوارەکانی حەمیدی" بوون لەم کۆمەڵکوژییەدا، کە دەبنە بەشێک لە مێژووی گەلەکەمان.

ڕەنگە لێچواندنی ئەم باسانە لەگەڵێک ڕووداوەکانی مێژووی کورددا پێکبێننەوە و هەمان ئازاری دەستەجەمعی هەردوو گەلی ئەرمەن و کوردا ئاوێتەبن . مەخابن مێژوونووسانی ڕووداوەکانی ئێمەی کوردیش لە زۆرینەی سەرچاوەکانەوە، بەتایبەتی فارسی و ئەرەبی، تورکی، تەنانەت بیانیەکانیشەوە گەلەک جار بە نادیار و ئاوەژووکراوە وەسف کراون.

بەداخەوە لە ڕوانگەی ئەم کتێبەشەوە ناتوانین بەڵگەکانی ئەم نووسەرەش لە خانەی مێژووناساندا کاتێگۆری بکەین، لێ ئەم کتێبەش جۆرێک لە لایەندارێتی و نابابەتیانەی پێوەدیارە، بەتایبەتی لە باسی بەشداری کوردەکان و قەرگیسیەکان لەم کۆمەڵکوژییەدا، کە بە شیوەیەکی گشتی تاوان دەخاتە سەر کوردەکان، نەک لەسەر سوارەکانی حەمیدی، کەلەژێر فەرمانی سوڵتاندا هەندێ کوشتاریان ئەنجام داوە.پەیڤ و کڕۆکی نووسینەکە گەلەک کەلێنی زانستی و فاکتی مێژوویی لەخۆگرتووە، بەتایبەتی لایەندارێتی بۆ مەسیحیەکان. کەمایەتی و گەلەکانی نێو دەوڵەتی عوسمانی هەندێجار بەشێوەیەکی زۆر نێگەتیڤ باسکراون، کە ئەوان فەرماندارێتی و بکەرانی سەرەکی کۆمەڵکوژییەکە نەبوون. ئەمەش بێبەرە لە لێچون و وەرگرتنی بیروڕاکانی لایەنەکانی تر، کە بەداخەوە لە نرخی کتێبەکە دادەبەزێنێت. ڕاستە ڕووداوەکان وەک کارەسات و واقعێکی تاڵلەخۆگری گەلی مەسیحی ئەرمەن باسدەکرێن، بەتایبەتی خەڵکی بێتاوانی سیڤیل و منداڵ و ژن و پیرساڵان، بەڵام هۆکاری سەرەکی و بەشداربوونی وڵاتە ئەوروپییەکان و ڕۆڵی ئەوان لەم کارەساتەدا بە شێوەیەکی ڕوون باسناکرێن. بەشێوەیەکی بابەتی و فاکتی زانستیانە بەکارنەهێنراوە، ئاوڕدانەوەیەک لە ڕۆڵی ڕوسیا لەسەر ئەو سنورانەی، کە ئەرمەنەکان نیشتەجێی بوون. کورد بەشێوەیەکی گشتی تاوانبار دەکات، کە لەهەمان کاتدا، کوردەکان ژیانی زۆرێک لە

ئەرمەنەکان ڕزگار دەکەن و هەردوو گەل هاوکار و هاوڕەنجی چەوساندنەوەی دەوڵەتی عەسمانی بوون. ڕەنگە هۆکاری ئەم لایەندارێتیەی نووسەر بۆ کاروفەرمانی نووسەر بگەڕێتەوە وەک قەشەیەک و مژدەبەرێکی ئەڵمانی. دیارە لێپسیۆس ڕووداوەکانی بە چاویلگەی مەسیحیانە، نەک زانستیانە و ڕەخنەلەخۆگرانە هەڵسەنگاندووە. لایەن و بیروڕاکانی تری بەلاوە خستووە، جەختی تەنها لەسەر ئەوە لایەنە کردووە، کەخۆی باوەڕی پێیبووە یان بۆیان باسکردووە یان بەنووسین بۆیان ناردووە.

١. یۆهانس لێپسیۆس لە ١٥,١٢,١٨٥٨ لەدایک بووە، لە ٠٣,٠٢,١٩٢٦ دا کۆچی دوایی کردووە. تیۆلۆگێکی پڕۆتیستانت و ڕۆژهەڵاتناسێکی (ئۆرێنتالیست)ی باش بووە، بەتایبەتی لەسەر مێژووی گەلی ئەرمەنی. لە ساڵی ١٨٨٠ دا دوکتۆرای لەبەشی فەلسەفەدا بەدەستهێناوە و لەکۆتاییدا سەرقاڵی دراساتی تیۆلۆگی (زانستی خوداناسی) بووە. ئەندامی دامەزرێنەری "پەیامبەرانی مەسیحی ڕۆژهەڵاتناسانی ئەڵمانیا" بووە. لە نزیکەوە و بە شێوەیەکی زانستی توێژینەوەی لەسەر جێنۆسایدی ئەرمەنەکان لە تورکیادا کردووە.

٢. Lepsius J.: Armenien und Europa. Eine Anklage-Schrift wider die christlichen Großmächte und ein Aufruf an das christliche Deutschland Berlin Westend ١٨٩٦. ئەرمێنیا و ئەوروپا. سکاڵانامەیەک دژی وڵاتە زلهێزە مەسیحییەکان و بانگەوازێک (جاڕنامەیەک) ئاڕاستەی ئەڵمانیای مەسیحی.

٣. Lepsius J.: Armenien und Europa. Eine Anklage-Schrift wider die christlichen Großmächte und ein Aufruf an das christliche Deutschland Berlin Westend ١٨٩٦. ئەرمێنیا و ئەوروپا. سکاڵانامەیەک دژی وڵاتە زلهێزە مەسیحییەکان و بانگەوازێک (جاڕنامەیەک) ئاڕاستەی ئەڵمانیای مەسیحی.، لاپەڕە ٤٥،٤٦

٤. هەمان سەرچاوە لاپەڕە ١٢٤

٥. هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٤٦

٦. هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٩٦

٧. هەمان سەرچاوە لاپەڕە ١٢٢

٨. هەمان سەرچاوە لاپەڕە ١٢٢-١٢٤

٩. هەمان سەرچاوە لاپەڕە ١٥٠-١٥١

١٠. هەمان سەرچاوە لاپەڕە ١٤٧
١١. هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٢٠٧
١٢. هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٢٠٧